# هونەری گێڕانەوەو کاریگەری لەسەر خستنەڕووی ڕاستیەکان


لە ئینتەرنێتەوە

لە کاتژمێر ٩،٤٠ شەوی ٢٥ /٢٦//١/٢٠٠٧ بەرنامەی سۆزی هاوسەران گوێبیستی چیرۆکی دووجار جیابونەوەی ژنێك لەهاوسەرەکەی بووم، کە دووجار پرۆسەی هاوسەرگیری کردووەو هەردووجارەکە جیابوەتەوە. ئەم ژنە نەیتوانی بەشێوەیەك کێشەکەی بخاتە ڕوو کە لەبەد گومانیەکانی کۆمەڵ بەرامبەر خۆی برەوێنێتەوە، بەتایبەت ئەم کۆمەڵە شێوە گوتارێك ئاڕاستەی دەکات، کە چۆن پیاو لەخۆیەوە دڵی لەژن پیسە، گەر ژنێك لەدوومێرد هەمان حاڵەتی تووش بێت ئەمە جێگەی پرسیارە؟ هەر ئەمەش پێشکەشکاری بەرنامەکەی ناچارکرد کە لەپرسیارەکانیدا پێداگرێت لەسەر ئەوەی کە بۆهەردووپیاوەکە دڵیان لێی پیس بووە؟ ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەو ژنە ئەوەیە کە ئەو نەیتوانی وەڵامێك بداتەوە کە جێی گومان نەبێت چ لەلای گوێگرانو چ لەلای پێشکەشکاری بەرنامە. لەگەڵ بیستنی دەنگەکەی زانیم ئەو ژنەیە کە چەند مانگێك لەمەوبەر لە دوانیوەڕۆیەکدا لە ماڵ هاتبووە دەرەوە، ژنێکی گەنجی خوێن گەرمی خاوەن بنەماڵە لە خانەوادەیەکی ئەم شارە، وەك زۆر لە بنەماڵەکانی ئەم شارە، ئاقڵیەتی پیاومەزنی دەوری کاریگەری هەبووە لەئاڕاستەکردنی ژیانیاندا. دایکی چاوان وەك هەر ژنێکی ئەم کۆمەڵگایە، کە دەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، هەر کچ دەهێنێت، نەیتوانیوە کوڕ بۆ هاوسەرەکەی بێنێتو ببێتە شوان بۆ کچەکانی، ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی چاوانو خوشکەکانی هەبووەو سنوری ئازادییەکانی زیاترو زیاتر بەرتەسك کردونەتەوە، مادامێك برایان نیە، دەبێت زۆرتر هۆشیان بەخۆیان بێت، هاوکات حەزی ئەم کچانە بۆ ڕزگاربوون لەکۆتو بەندەکانی خێزان، لەدۆزینەوەی هاوسەردا دەبیننەوە، هەربۆیە چاوان کە تەمەنی زۆر منداڵ دەبێت شوو دەکات، بەڵام هاوسەرەکەی سەروکاری زۆری لەگەڵ مەشروب خواردنو ڕابواردندا دەبێت، سەرەڕای ئەوە چاوان دڵخۆش دەبێت بەوەی کە یەکەم سکی کوڕ دەبێتو کۆنە هیوای دایکیو خۆشی دەهێنێتە دی، بەڵام ناکۆکی نێوان چاوانو هاوسەرەکەی دەست پێ‌دەکات، بەهۆی ڕەفتاری خراپی هاوسەرەکەیو دڵ پیسی، وا دەکات کە چاوان بڕیاری جیابونەوە بدات، مێردەکەی هەمیشە دەماری مێینەیی بەوە دەگرێتو پێی دەڵێت تۆ دوا جیابوونەوە لەمن دەبیتە ژنێکی تەلاقدراو، ژنی تەڵاقدراویش مانای بێوەژن، واتە تۆ دەبیتە ئەو کەسەی کە چیدی کەس پێت ڕازی نابێتو پیاوان نایانەوێت. ئەم قسانە چاوان زۆر بریندار دەکات، لەو کاتەدا کە بڕیاری جیابوونەوەی داوە ماڵ جێ دەهێڵێتو تەکسییەك دەگرێتو بەرەو ماڵی باوکی دەکەوێتە ڕێ، لەتەکسی‌یەکەدا لەڕێی پەیوەندی تەلەفونیەوە لەسەر هەمان بابەت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکەونە گفتوگۆکردن، شۆفێری تەکسییەکەش گوێی لەو گفتوگۆیانە دەبێتو دوایی ئەویش لەگەڵیدا دەکەوێتە قسەکردن چاوانی دڵپڕ هەرچی لەدڵیدایە بۆ شۆفێرەکەی هەڵدەڕێژێت، ئێمە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە مرۆڤ لەو کاتانەدا بەتایبەت لەکاتی قەیرانە کۆمەڵایەتیەکانو خراپی باری دەرونی هەر کەسێك گوێی لێبگرێت یان دڵی بداتەوە، هیچی شاراوە لای نامێنێت. بۆیە لەو کاتەدا شۆفێرەکە دەڵێت خەم مەخۆ ئەمڕۆ جیابیتەوە بەیانی من دەتهێنم، ژمارەی تەلەفونی دەداتێ، پاش جیابوونەوەی چاوان لەهاوسەرەکەی بەهەمان ڕیتمی پێشوو قورستریش سنور بۆ هەڵسوکەوتەکانی دادەنرێت لەلایەن خێزانەکەیەوە، چونکە ئەمجارەیان بێوەژن بوونیشی دەچێتە سەر. دوبارە ئەم حاڵەتانە چاوان زۆر جاڕس دەکەنو پاڵی پێوە دەنێن کە بەزووترین کات پەیوەندی بەشۆفێرەکەوە بکات. چونکە ئەمە بەباشترین چارەسەر دەزانێت بۆ ڕزگاربوون، لەدەرئەنجامدا شۆفێرەکە دێتە داخوازی چاوان، دایکی نارازی دەبێتو دەڵێت تۆو ئەمەیان نەوتووە، بەڵام چاوان هەر شووی پێدەکات، لەبەدبەختی ئەو هاوسەرگیری دووەمیش ئاسودەی ناکاتو بەهەمان شێوە هاوسەرەکەی ئازاری دەداتو لەگەڵیشیدا دڵی لێ پیس دەکات.

لێرەوە کۆتایی بەچیرۆکی ژیانی چاوان دەهێنین، بەڵام مەبەستی نوسینەکەی ئێمە ئەو ڕایەڵە شاراوانەی ژیانی چاوانە کە نەیتوانی بیخاتە ڕوو، هەروەها پێشکەشکاری بەرنامەش لەڕێی پرسیارەکانەوە نەیتوانی ئەو ڕایەڵانە بدۆزێتەوە، بۆیە من تاڕادەیەك دڵنیام کە بیسەرانی ئەم بەرنامەیە وا تێگەیشتبن کە چاوان کەموکوڕی ئەخلاقی هەبێت، گەر نا، چۆن دوو مێرد دڵیان لێی پیس بووە.

**ڕووناک**

## وەڵامێک بۆ ڕۆژنامەی ڕێوان

لەژمارە ١٤٠ی ڕۆژنامەی ڕێواندا، کۆتا لاپەڕە چاوپێکەوتنێکم خوێندەوە لەژێر ناونیشانی (خوشکان حەمە فەرەج) لەقوڵایی مێینەیی خۆیەوە هێزی کارکردن دەستەبەر دەکات، کە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەو چاوپێکەوتنەدا ڕستە پڕ جەلالو جەبەروتەکەی ئەو خانمە بەڕێزەیە کە وەك ئایەتێکی فرە تەفسیری کە چەندەها بەرداشتو شتی تریش بەدوای خۆیدا دێنێت، سەرەتا دەبێت سوپاسی ئەو خانمە بکەم کە لەقوڵایی مێینەیی خۆیەوە هێزی کارکردن دەستەبەر دەکات ئەگەرچی ئەمە هاوکێشەیەکی زور ساکاری ژیانە، شەرمە بەشانازی هونەرێکی بچوێنین کە پێمان بفرۆشێت، بەڵام زۆرجار مرۆڤ پاروی ئەوتۆ دەگلێنێت کە ددانەکانی توانای هاڕینو گەدەشی توانای هەرسکردنی ئەو پارووەی نابێت، هەر بۆیە هونەری تێگەیشتن لەژیان تەنها کاری جەستەو هەڵپەی کارکردن نابێت ئەگەر دیدێکی قوڵو واقیعیانەی پێوە موتوربە نەکرێت، کۆمەڵگای سوننەتی یەکێکە لەو ڕستە سەرنج ڕاکێشانەی کە خوشکان خان لەبەرۆکی هەڵەبجەو دانیشتوانەکەی داوە، جا نازانم ئەمە تا چەند خوشکان لێی بەرپرسیارە، یان ئەو بەڕێزەی کە ئەو دیمەنەی لەخوشکانەوە گواستوەتەوە، بەڵام من دەمەوێت بڵێم خوشکان خانو هەر کەسێکی دیکەش کە ئەمە دیدو خوێندنەوەی بێت یا سەرەتا ڕاڤەیەکمان لەمەڕ کۆمەڵگاوە پێشکەش بکەن ئەوسا بێنە چەمکی سوننەت یان سوننەتگەرایی، چونکە ئاستەمە ئێمە بەهاوکاری فەرهەنگێکی چەند سەد ساڵە لەم مەفهومانە حاڵی ببین، هەڵەبجە بەبەراورد لەگەڵ سەرجەم شارەکانی دیکەی کوردستاندا یەکێك بووە لەو شارانەی کە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە گەردوو تۆزی سونەتگەرایی لەخۆی تەکاندووە. ئەگەرچی ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە ئەو شارە ئێستا خاڵیە لەو ڕەهەندە، بەڵام کام لەو وڵاتانەی ئاسیا توانیویانە خۆیان لەغوباری سوننەت ڕەها کەن تا هەڵەبجەیەك کە بەدرێژایی مێژوو سەنتەری یەکلایی کردنەوەی دەسەڵاتەکان بووە خۆی لەو نەهامەتیە ڕەها کردبێت، (سوننەت کۆی ڕیتواڵو تەقالیدو پێکهێنەرەکانی ئەو ترادیسیۆنەیە کە بەدەمارەکانی جەماوەردا یان کۆمەڵگادا تەراتێن دەکات، بەڵام حەجمو بارستایی لەسەر زۆر کایە وەستاوە کە ئێرە جێگەی باسکردنیان نیە، ئەوەی کە پێویست بوو وترا، بۆیە چاکترە بۆ لەمەودوا سوننەت تەنها لەچاوی خوشکان خانو سەرجەم خانمەکانی تردا تەئویل نەکرێت، چونکە یەکێك لەبنەما کۆنکرێتیەکانی سوننەت ڕێگرتنە لەو هێزەی کە مێینەیەکی وەك خوشکان خان ئەمڕۆ لەهەڵەبجەدا مومارەسەی دەکات.

**گۆران نیزام هەڵەبجەیی**

# کچو ترس لە قەیرەیی

قسەکردن لەسەر گۆڕانو کولتوورو دابو نەریتی کۆمەڵگایەك، ڕەنگبێ شتێکی ئاسان نەبێت، بەتایبەت کولتوورێك کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ململانێی ڕەگەزیی تیادا ئامادە بووە، ڕەگەزێك هەموو توانا و بیرکردنەوەی ڕەگەزەکەی تری ڕەفز بووە، ئەویش قسەکردنە لەسەر کۆمەڵگای کوردی، ئەو کۆمەڵگایە هەڵگری کولتوورو دابو نەریتێکە، کە هەمیشە لەناو خێزاندا باوك سەردارو باڵا دەست بووە، ئەگەر باوکیش ئامادە نەبووبێ ئەوا کوڕ ئەو ڕۆڵەی گێڕاوەو بۆتە خاوەن بڕیارو هەڵسوڕێنەری خێزان. بۆیە ئەکرێ بڵێین کۆمەڵگایەکی نێرسالاریە، چونکە بۆ ئافرەت نەبووە قسە بکاتو بڕیار بدات، هەمیشە دەمبەستو دەمکوت کراوە، قسەکانیشی گوێ پێنەدراوو بەلاواز سەیرکراوە، تەنانەت بۆی نەبووە قسە لەسەر چارەنووسی خۆشی بکات. ئەمەش وایکردووە لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەش کراوەو بۆتە کۆیلەی دەستی پیاوو بەدەست سیستەمە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکانی ناڵاندویەتی، کە پیاو لە ژیانی ڕۆژانەیدا کردوونی بەیاسایەكو کاری پێ دەکات. لێرەدا ئێمە باس لەلایەنەکانی تری چەوسانەوەو ژێردەستەییو مافەکانی ئافرەت ناکەین، تەنها کێشەیەك لەبەرچاو دەگرینو قسەی لەسەر دەکەین، کە ئیمڕۆ ڕێژەیەکی زۆری کچ بەدەستیەوە دەناڵێنو بۆتە دیاردەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئەویش (قەیرەیی)یە، قەیرەیی کاتێك دەدرێتە پاڵ ئەو کچانەی، کە تەمەنیان بگاتە سەرووی ( ٣٠ ساڵ )، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوە بووە، کە ڕەگەزی مێ خاوەن بڕیارو قسەی خۆی نەبووە، چاوەڕێی بڕیارەکانی پیاو بووە، پیاویش هیچ کاتێك لەبەرژەوەندی ئەو قسەی نەکردووە، کچ بۆی نەبووە بەئارەزووی دڵی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێو بڕیاری هاوسەرگیری بدات. یان لەسەر بێشکە لەخزمێکی نزیکی باوکی مارەبڕ کراوە، یاخود بۆ براو باوکی ژن بەژنی پێکراوە، بۆ باوكو برا گرنگ نەبووە، کە کچەکەیان دەکەوێتە چ ژیانێكو دۆزەخێك، تەنها خۆیان بەمراز بگەن، ئیدی باکیان بە کچو خوشکەکانیان نەبووە، بۆیەشە زۆربەی ئەو پرۆسەی هاوسەرگیریانە سەرکەوتوو نەبوونە.

جگە لەمەش ڕێژەیەکی زۆری کچ لەنێو کۆمەڵگەی کوردی، تەمەنیان لەسەرووی سی ساڵیەوەیەو لە ماڵەوە ماونەتەوەو بوونەتە قەیرە، ئەمە ئەو کولتوورەیە کە فاتمەی لەوڵاتێکی ئازادو دیموکراسدا کوشت، یاخود کوشتنی ئافرەتێك بە چەقۆ لەوڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا، جێی قسە لەسەر کردنە، کە بۆ دەبێت کچ باجەکەی بداتو لەپێناویدا بسووتێتو وای لێبکرێت هیچ هیوایەکی بەم ژیانەو ئەو کۆمەڵگایە خۆش نەبێت؟ کە زۆر ئەستەمە ڕووبەڕووی گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ببێتەوەو هەندێ لەمافەکانیشی بۆ بگەڕێتەوە.

بۆیە قەیرەیی هەر ئەوە نییە، کە کچێك تەمەنی هەڵبکشێو لەماڵی باوکی بمێنێتەوە، بەڵکو بۆتە نەخۆشییەکی دەروونیو وایکردووە کە بەردەوام لە دڵەڕاوکێ دابنو بەداماوی ببینرێن، جگە لەمەش تێڕوانینی نادروستی تاکەکانی کۆمەڵگاو هەڵبەستنی سەدان ناوو ناتۆرە بۆیان، ئەمە زیاتر برینداری کردوونو بۆتە هۆی ئەوەش کە زۆرجار خۆیان لەدەربڕینی ڕاستەقینەی تەمەنی خۆیان بدزنەوە. دیارە لەم ماوەیەدا وەك گەڕانەوەی ماف بۆیان، بڕیارێکی وا دەرچووە کە قەیرەیی کچ ببێتە تەمەنی ( ٤٠ ساڵی )، بەلام بەبۆچوونی من دەبێ بە قەناعەت هێنانی کۆمەڵگا بێ، کە ئەوانە قەیرە کچ نین، نەك بەدەرکردنی بڕیار.

**بەختیار**